# قوتابخانەی كوردی لە شاری نۆرنبرگ

پەیامنێری كوردستان نێت : ئەڵمانیا
Baban5@msn.com

ئەمرۆ ١١. ٠٥. ٠٣ لەشاری نۆرنبێرگ قوتابخانەی كوردی لە كەرنەڤالێكی قەشەنگدا پێشانگایەكی وێنە سازی بۆ قوتابیانی ساز كرد كەبەگشتی وێنەكان گوزارشتیان لە بیرو بۆچونی ئەو منالە كوردانە دەكرد كەچەند ساڵە لەگەڵ كەس و كاریاندا لە دەرەوەی ووڵات دەژین و لەسایەی هەوڵ و كۆششی چەند مامۆستایەكی دڵسۆزو و بەپشتگیری یانەی كوردی و گشت دایكان و باوكان وچەند كەسایەتییەكی ناسراو لەم شارەدا توانراوە لە ساڵی ٠٨. ١١. ٩٨ دا ئەم قوتابخانەیە دابمەزرێت سەرەتا بە ٥٠ قوتابی و ٤ مامۆستا دەستی پێكرد و تا گە یشتە ١٤٠خوێندكار و ٨ مامۆستا وە ئەمرۆش ژمارەی قوتابیانی تەنها ٤٥ قوتابی و ٨ مامۆستا وە٥ پۆلە كە بە شێوەیەكی بەردەوام لەم خوێندنگەیەدا فێری زمانی شیرینی كوردی دەبن بە نوسین و خوێندنەوە..

بەردەوام قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە بەشداری لە زۆربەی بۆنە نەتەوایەتیەكانمان هەروەك بۆنەكانی(نەورۆز ویادی هەڵەبجەی شەهید و هتد... .) وبۆنە ڕەسمییەكانی ئەڵمانیای كردوە...

هەربۆیە ئەمرۆش منالە چاوگەشەكانمان بەودەستو پەنجە رەنگینانەیان بەو نیگارە جوانانە هەموو میوانانی ئەو هۆڵەیان سەرسام كرد. قوتابیان كە لە تەمەنی جیا جیا پێك هاتبوون ڕەنگەكانیان بەشێوەیەك تێكەڵ كردبوو كە لە چەندین تابلۆی سەرسوڕ هێنەردا بەرجەستەببون... هەرچەندە مرۆڤ لەگەڵ بینینی تابلۆكاندا هەستی بە نەرم ونیانی و هەست ناسكی منالآنە دەكرد بەلآم بەگشتی لە سەر ئەوە كۆك بوین كە تابلۆكان زادەی بیری غوربەت و دووری لەووڵات بوون.

ئاواتەخوازی ئازادی و سەربەخۆیی بۆ كوردوستان لە زۆربەیان دا بەدی دەكران... تابلۆكان جێ پەنجەی ماندو بوونی مامۆستایانی پێوە دیار بوو كە بەردەوام لەهەوڵی فێركردنیاندان كە ئەمەش لە لایەن ئامادەبوانە وە ڕێزێكی تەواوی بۆ دانرابوو....
ماوە بلێم كە پێشانگاكە ماوەی ٣ كاتژمێری خایاندو چەندین خێزانی كوردی دانیشتوی ئەم شارە ئامادەبوون....

١١. ٠٥. ٠٣

www.kurdistannet.org
كوردستان نێت